*Journal of Language Studies.* Vol. 5, No. 4, Summer 2022, Pages (225-243)

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# Psychological Dimensions in the Poems of Jalal Malek Shada

**Azadeen saber mohamad***

**Kirkuk University, Faculty of Education for the Humanities**

**azadinsabir@uokirkuk.edu.iq**

**Received:** 22 /5/2022 , **Accepted:** 30 /6/2022 , **Online Published : 15 /10/ 2022**

## Abstract

This research, entitled (Psychological Dimension in Jalal Malek Shah's Poems, Example of the Chain of Captive Words), is an attempt to interpret and present the psychological effects in Jalal Malek Shah's poems Literature in general, like any other human activity, is full of psychological experiences. The great psychological influence that can be seen in the poems of Jalal Malek Shah is the result of the difficult life and poor economic, social and political conditions! In this study, I will try to highlight these psychological dimensions.

**Keywords:** Jalal Malik, interpretation , effect, circumstances.

## البعد النفسي في قصائد جلال مالك شاه

م. عزالدين صابر محمد

**جامعة كركوك – كلية التربية للعلوم الانسانية**

**الملخص:** هذا البحث بعنوان (البعد النفسي في قصائد جلال مالك شاه ، هو محاولة لتفسير وعرض الآثار النفسية في قصائد جلال مالك شاه. تجارب نفسية .. التأثير النفسي الكبير الذي يمكن ملاحظته في قصائد جلال مالك شاه هو نتيجة الحياة الصعبة والظروف الاقتصادية والاجتماعية والسياسية السيئة! سأحاول في هذه الدراسة تقديم هذه الأبعاد النفسية.

* **Corresponding Author**: Azadeen saber mohamad, **E.Mail**:azadinsabir@uokirkuk.edu.iq
**Tel**: +9647508240790, **Affiliation**: Kirkuk University-Iraq

**الكلمات الدالة:** جلال مالك ، التفسير ، التأثير ، الظروف .

## ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی جەلالی مەلەک شادا ، (دیوانی زڕەی زنجیری وشە دیلەکان بەنمونە)

**م. عزالدين صابر محمد**

**پێشەکی:**
ئەم لێکۆڵینەوەیە ، کە بەناونیشانی (ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی جەلالی مەلەک شا ، بەنمونە ی زڕەی زنجیری وشـــە دیلەکان) ، هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردن و خســـتنە ڕووی کـاریگەرییە دەرونییەکـان لە شـــیعرەکـانی جەلالی مەلەکشـــادا ، بێگومـان ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕووداوە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا کاریگەریی گەورەیان لەسەر دەروونی شاعیر هەیە ، تەنانەت ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی وەک هەرچالاکیەکی تری مرۆڤ تژییە بە ئەزمونی دەروونی ، ئەوکـاریگەرییە زۆرەی دەروونی ، کە لەشـــیعرەکـانی جەلالی مەلەک شـــادا دەبینرێت، ئەنجـامی ســـەختی ژیـان و خراپی بـارودۆخی ئـابوری و کۆمەڵایەتی و ڕامیـارییە ! من لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵی خســـتنە ڕووی ئەو رەهەنـدە دەرونیانە دەدەم.
**ســـنوری لێکۆڵینەوەکە** : دیاریکردنی هۆکار و کاریگەرییە دەرونییەکانە لە دیوانی ( زڕەی زنجیری وشە دیلەکان)
**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە** : پەیڕەوی میتۆدی وەصفی شیکاریمان کردووە.
**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە** : دەرخستنی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی کاریگەرییە دەرونییەکانە لە دیوانی زڕەی زنجیری وشە دیلەکان.
پوختەی لێکۆڵینەوەکە : ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دووبەشـــی ســـەرەکی پێک هاتووە ، لەبەشـــی یەکەم دا ، چوار پار لەخۆدەگرێت ، ئەوانیش : (چەمک و زاراوەی ڕەهەندی دەروونی ، پەیوەندی دەروونناســـی بە ئەدەبەوە،مێژووی دەروونناســـی ، پاری چوارەم تیۆری شـــیتە ڵکردنی دەروونی فرۆید مان خســـتۆتەڕوو، بەشـــی دووەمیشـــمان تایبەت کردووە بە ( ڕەنگدانەوەی رەهەندەدەرونییکان لە شـــیعرەکانی جەلالی مەلەک شـــادا) وەک ( خەم – ترس – ڕەشبینی – گەشبینی – رق- نامۆیی - خۆشەویستی( ، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەک بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## پەری یەکەم: چەمک و زاراوەی دەروونناسی

بەرلەوەی ڕاســـتەوخۆ ســـەرنج و تیشـــک بخەمەســـەر چەمک و زاراوەی دەروونناســـی دەکرێت لە چەمکی (رەهەندی دەرونییەوە ) بچمە نێوباسـەکەوە ، ڕەهەندی دەروونی ، لە دوو وشـــەی (رەهەند و دەرون پێک هاتووە) ، ((زاراوەی (ڕەهەند ) بەواتای خەندەک ، ئاوەژوو،ڕێگەی ژێر زەوی ) هاتووە)) 1( ( هەژارموکریانی ، ،1384،ض1، انتشارات ،ل 364)، بەڵام مـانـای ئەم زاراوەیە تەنهـا لێرەدا قەتیس نـابێت ، بەڵکو واتـای دوورو فرەچەشـنی تری هەیە ((هەمووشـتێکی شـاراوەی ناوەوەی مرۆڤ و سـەرجەم ئەوشـتانە دەگرێتەوە ،کە لە نەسـتی مرۆڤدا خۆی حەشـار داوە ! لە زمانی عەرەبیشـدا لەبەرامبەر زاراوەی رەهەند ( ڕەهەندی دەروونی) ( (بعد - البعد النفسی) بەکارهاتووە ، کە بەمانای (دووری - ماوە – میانە )دێت ))2(سعید نەوزاد ، 2015.ل84).
هەرچی زاراوەی دەرونناســـییە ، بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لای یۆنانییەکان ، کەلەدوو وشـــەی (psyche) ، کەئەمیان بەواتای گیان یان دەروون هاتووە !))3(ڕەزا ، 2017، ل105 )، لەگەڵ ((وشـــەی (logos) ، کەبەمانای زانسـت یان لێکۆڵینەوە هاتووە ))4،( یونس ، 2004، ،ص 17) دواتر ((هەرلە زمانی یۆنانیدا زاراوەی (psychelogos)

بەکار هاتووە، لەزمانی ئینگلیزیشدا (psychology) بەکار هاتووە ، لەزمانی عەرەبیشدا (علم النفس- سایکۆلوجیا) گوزارشتی لێکراوە )) 5 (( عبداللة ، 2013، ، ل9).

((لەزمانی کوردیدا (دەروونناسی) و (دەرونزانی ) بەرکاردەهێنرێت ، هەردوو زاراوەکەش ئەوەدەگەیەنێت ،کەشارەزابوونە لەشتە شاراوەکانی دەروون یاخود زانینی زانیارییە لەسەر ڕفتار )) 6 (صلَیوة 2013، ،ل16).

، لێکۆڵەرانی بواری دەروونناسی هەریەکەو بەجۆرێک پێناسەی دەروونناسیان کردووە ! بۆنمونە دەوترێت ((دەروونناسی ئەو زانستەیە ، کەلەپێکهێنەرەکانی دەروونی مرۆڤ و گەشەکردن و شوێنەوارەکانی (واتا و رەفتار ) و کارتێکردنیان و پاشان جیاکردنەوەی ساغ و ناساغیان دەکۆڵێتەوە )) 7(عەقلی ، 2007، ، ل 7)، هەڵبەتە ئەم پێناسەیە جەخت لەوە دەکاتەوە ،کە دەروون چەقی کاریگەریی سەرهۆش و هەست و ژیری و یادگارییەکانە !، کانگای پێویستی و پاڵدەرو بیرۆکەکانە ، بێگومان پێکهێنەرەکانی دەروونیش دەکرێت گۆڕانکارییان بەسەردا بێت ! لەسادەوە بۆ ئاڵۆز و لە خراپ بۆ باش و بەپێچەوانەشەوە ! د.سامان عیزەدین لەنامەی دکتۆراکەیدا بەناونیشانی(دەقە شیعرییەکانی گۆران لەڕوانگەی دەروونناسیەوە ) سەبارەت بە پێناسەی دەروونناسی دەڵێت : ((دەروونناسی ئەو زانستەیە ،کەلەڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە ،کەلەئەنجامی وروژێنەرەکانەوە دەردەکەوێت و بەدوای پرۆسە مەعریفیەکان و ئەزمونەکاندا دەگەڕێت ))8(سەعدون ، 2015، ، ل20) ، ئەمە بەو مانایەدێت ، کە دەروون خاوەنی چالاکی و دەرکەوتنی جیاوازە ، کەلەهەلومەرج و کاتی جیاوازدا دەردەکەوێت بەبەردەوامی! بۆیەزانستی دەروونناسی لەڕێگەی ئەم دەرکەوتنانەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەروون ، بەواتایەکی تر زۆربەی ئەوکارو چالاکیانەی مرۆڤ ، کەلەواقعدا بەرجەستەدەبن ، هۆکارگەلێکی دەرونی لەپشتەوەیە ! ئەم دەرونەشە هەمیشە پەستان دەخاتەسەر مرۆڤ، هاوژین صلۆەش سەبارەت بە دەرونزانی نوسیویەتی کە ((دەروونزانی لێکۆڵینەوەی زانستیانەی ڕەوشتە یان زانستی کردارەکانی هۆشە))9 (صلَیوة،2013، ل17) .

بۆیە بەشێکی لێکۆلینەوە دەرونییەکان پێیان وایە ! کە کەسێتی داهێنەر لەبواری ئەدەبیدا کەسایەتییەکی تایبەتە و خەسڵەتی دەرونی هەیە و لەکەسانی تری جیادەکەنەوە ، کەواتا :چەندین دۆخی دەروونی ناڕێک هەن ، کە دەبنە هۆی دروست بوون و پەیدابوونی داهێنانی جۆراو جۆر لای ئەدیب و هونەرمەند، (( پێشکەوتن و پەرەسەندنی دەروونناسی و لاکردنەوەی ڕەخنەگران لەبەکارهێنانی چەمک و زاراوە ئەدەبییەکان بەشێوەیەکی زیاتر کاریگەریی دەروونناسی بەسەر ئەدەبدا رووندەکاتەوە ))10((بەرزنجی،2014، ،ل19،) ، هەرلێرەوە لەپاڵ میتۆدی سۆسۆلۆژی و زمانەوانی و مێژوویی دا ، میتۆدێکی تر پەیدابوو بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەب ئەویش دەرونناسییە ، کەوا لێکۆڵەران سودیان لەبۆچونەکانی( فرۆید و یۆنگ و ئەدلەر) بینیوە بۆ شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان.

دەروونناسی کارلەسەر لێکدانەوەی دەروونی دەقی ئەدەبی دەکات ، ئەمەش هۆکاردەبێت بۆئەوەی باشتر نوسەری دەق بناسرێت، چونکە نەست کانگای حەزو خواستە چەپێنراوەکانە ، هەڵبەتە ((سەرەتاکانی کاری ئەم میتۆدە دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەفلاتون ، چونکە لە کتێبی دیالۆگدا شیعری ڕاستەقینە بەجۆرێک لە وڕێنە دادەنێت ، ئەرستۆش لەتراژیدیادا ، پشت بەکاریگەریی دەبەستێت لەپێناو پاککردنەوەی دەرون))11(خفاجي، 1975، ،ص96) ئەم میتۆدە بەدیاریکراوی دوای جەنگی جیهانی و دوای تیۆرەکەی فرۆید سەری هەڵداوە ، لەم میتۆدەدا هەوڵ دەدرێت حاڵ و ڕووداوە ناوەکییەکانی دەروونی شاعیر و توانای نوسین و ڕێکخستن و چێژو خۆشی بخرێتە ڕوو ، توانای سۆز و تێڕامانی دیاریدەکرێت لەگەڵ کاریگەریی ژینگەو کۆمەڵگاو تەمەن ، بەمەش لایەنی هەم شاعیر و هەم شیعرەکە دەخوێنرێتەوە ، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی ،کە شیعرو

ئەدەب وەک تەواوی بەشەکانی هونەر و پێش هەر شتێک دۆزینەوەی دنیایەکی نوێیە ،کە لەدڵ و دەروونی مرۆڤ تێیدا دەکرێتەوە ، ئەمیش کاریگەریی دەبێت لەسەر توانست و هێزی دەروونی شاعیر.

کانت، ئەم ڕاستیە بۆ یەکەمجار بەشێوە زانستیەکەی دەخاتە ڕوو ! کەشیعر و هونەرەکانی تر چالاکیەکی هاوئاهەنگ و گونجاوی تەواوی هێزی دەرونین ، کە بەئازادی و بەبێ هیچ کۆت و بەندێک لەجیهانی وێنە و بەرجەستەدا ئەنجام دەدرێن ، لەم ڕوانگەوە دەتوانرێت بوترێت ،کە هونەر لەڕوانگەی دەروونناسیەوە ، بریتییە لە گونجاندن و هاو سەنگی هێز ، ((لەنێوان هێزی وێناکردن و هێزی درکپێکردن ، کە لەهەمان کاتدا بەرامبەرە بە شتێکی دەرەوە ، لەیەککاتیشدا ڕەچاوی هەردوو هێزەکە دەکات ، بەم پێیەش بێت هونەر بەگشتی و شیعرو ئەدەب بەتایبەتی بریتیە : ((لە گونجانی هاوئاهەنگی دەرونی و بیری ،کە لەنێوان میانە و ناوەندەکان و هێزەکانی زانیارییەوە بەدەست دێت ، ))١٢( رووف، ٢٠٢٠، ل 232)،بەمەش شیعرو ئەدەبیات وەک تەواوی هونەرەکانی تر ، زادەی دەروونە.

**پاری دووەم: پەیوەندیی دەروون بە ئەدەبەوە**

سایکۆلۆژیای ئەدەب بوارێکی بەپیتە بۆ ئەو توێژەرانەی، کە درک بە کاریگەریی دەروونناسی لەسەر ئەدەب دەکەن ، کاتێک داهێنان لە ڕۆحدا دەکات ، درک بە شکۆمەندی ئەدەب دەکەن، نووسەر لە کاتی نووسیندا شوناسەکەی لێ زەوت ناکرێتەوە، گرنگ نییە بەرهەمەکە چۆن بێت لە خەیاڵ،! چونکە ئەو بیرۆکانەی کە بە شێوەیەکی نائاگایی لەسەر کاغەز دەنووسرێن بارگاوین بە پێش بینییە دەروونییەکان، کە هەندێک جار جیاکردنەوەیان قورسە، هەر لەبەر ئەمەشە ئەدەب بە یەکێک لە گرنگترین بوارە ژیارییەکان دادەنرێت، کە لە ڕێگەی قوتابخانەی بەناوبانگی شیکاری دەروونییەوە وەرگێردراوە بۆ ململانێی دەروونی، ئەمەش وایکردووە هەندێک بەرهەمی ئەدەبی زۆر لە خوێنەران نزیک بێتەوە و زۆر قەناعەتبەخش بن،! چونکە باس لە پەیوەستییە ڕاستەقینەکانیان دەکەن، ((فرۆید لە کتێبێکی (شڵەژانی خەونەکان) دا، ڕێزێکی گەورەی لە ڕۆڵی نووسەران گرتووە، کە تێیدا دەڵێت: ((شاعیران و ڕۆماننووسان ئازیزترین چارەسەرن بۆ ئێمە، وە پێویستە باشترین شایەتحاڵی نیگەرانییەکانیان ببین وڕۆڵیان بەرز بنرخێنین، چونکە ئەوان شتەکانی نێوان ئاسمان و زەوی دەزانن کە هێشتا حیکمەتی قوتابخانەکەمان نەیتوانیوە خەونی پێوە ببینێت، چونکە مرۆڤە ئاساییەکان دەستیان بە سەرچاوەکانەوە ناگات و زانستیش هێشتا نەیتوانیوە بگات)) 13(فروید،1981، ،ص56) ،گومانی تێدانییە هەمیشە ئەدەب لەژێر کاریگەریی رەهەندە جۆر بەجۆرەکانی دەروونییە (( ئەدەب ئاوێنەی عەقڵ و دەروونی نووسەرە ، یان وێنەیەکە لە وێنەکانی گوزارشت کردنی لە دەروون )) 14(صالح و عبدلله ، ( 2016 ) ل 84) . بۆیە مرۆڤ لەیەک کاتدا هەم سوود و هەم چێژلە بابەتە ئەدەبییەکان وەردەگرێت ، کەواتە: ئەدەب هەڵگری هەست و نەست و سۆز و خەیاڵە ، ئەمانەش لە بوونی خۆیاندا پەیوەندێکی بەهێز درووست دەکات ، یاخود وێنەیەکە لە وێنەکانی گوزارشت کردن لە دەروون ، کەواتە ئەدەب وەک سەرچاوەیەک لە قوڵایی دەروونەوە هەڵدەقوڵێت و وەک هێزێکی کاریگەر دەروون هێور دەکەنەوە ، د. عادل گەرمیانی پێی وایە ،کە : (( لەوانەیە ئاسان نەبێت ئەدەبێک پێک بێت بەبێ ئەوەی ئەو ئەدەبە بەشێک نەبێت لەدەروونی خاوەنەکەی یان بەلایەنی کەمەوە بەشێک نەبێت لە هەستی ئەدیب بەرامبەر ئەو شتانەی لە دەوروبەریدا هەن )) 15 ( طەرمیاني 2003،ل٤٣) ئەمەش واتای ئەوەیە بەرهەمی ئەدەبی پێش هەموو شتێک زادەی دەروونی مرۆڤە! ، کە هۆشیاری و ناهۆشیاری و ڕێگەی بیرکردنەوە و چارەسەری تایبەت بەخۆی هەیە.

( ڕۆلان بارت ) سەبارەت بە پەیوەندی دەروون بە ئەدەبەوە دەڵێت :(( دەروون و ئەدەب هەمان خاسیەتیان هەیە لە خەیاڵ و بیرۆکە و سۆزدا )) 16(عبداللة ، 2017،ل٧٦)) بەم شێوازە دەروون و ئەدەب وەک دوو ڕووبارن تێکەڵ بەیەکتر بوون ، بەو مانایەی دەروون خاوەن چالاکی و دەرەوشانەوەی جودایە، کە لە زەمینەکانی جیاوازدا هەست بە دەرکەوتن دەکات و بەردەوام خاوەن دەرکەوتەی جیاجیایە ، کەواتا: دەکرێت بڵێین : پەیوەندی نێوان ئەدەب و خودی دەروون پێویستی بە سەلماندن نییە؛ چونکە کەس نییە نکۆڵی لێ بکات و تەنیا ئەوە نەبێت ، کە ڕەنگە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی خودی ئەم پەیوەندییە و ڕوونکردنەوەی توخمەکانی بێت! دەکرێت بپرسین ئەدەب بە چ شێوەیەک پەیوەندی بە دەروونەوە هەیە؟ ئایا ئەدەب لە دەروونەوە وەرگیراوە، یان دە روون لە ئەدەبەوە وەرگیراوە؟ ((یان پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی کاریگەری و لاوازییە؟ دە روون ئەدەب دروست دەکات، ئەدەبیش دە روون دروست دەکات. دە روون بۆ ئەوەی ئەدەبی لێ دروست بکات، لایەن و ڕووداوە جۆربەجۆرەکانی ژیان کۆ دەکاتەوە، ئەدەبیش بۆ ئەوەی لایەنەکانی دەروون ڕووناک بکاتەوە، سەردانی واقیعەکانی ژیان دەکات. )) ١٧( موسی، 2007،ص78 هەربۆیە فرۆید و قوتابییەکانی بۆ پتەوکردنی بیروراکانیان لەبارەی دەروون و خستنەرووی ڕای خۆیان بۆ ئەدەب کاریگەرییان بەسەر ئەدەبەوە هەبووە و شیکردنەوەیان بۆ کارە ئەدەبیەکان کردووە و بیر و بۆچوونی خۆیان لەوبارەوە خستۆتە ڕوو. (( ئەدەب بەگشتی شوێنی خواستنی خواستەکانە ، جا خواستی دەروونی بن یان بایەلۆژی و جەستی ، چونکە ئەم خواستانە خاوەنی فشاری خۆیانن بۆ سەر مرۆڤ )) 18 (رەسول ، یەکەم 2012 ، ل 69 ) ، کەواتا : ئەدەب و دەروون لەسەریەک ڕێڕەوی هاوتەریب دەڕۆن بۆدەرخستنی کەسایەتی و ئاکار و ناسینەوەی مرۆڤ ، چونکە ئەدەب هەرئەوە نیشانی مرۆڤ نادات کە کەسەکە هەیەتی ،! بەڵکو حەزو هەستە خەفەکراوەکانی ناخیشیان پیشاندەدات! فرۆید لەگەڵ هەر لێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر کارە نەستیەکانی مرۆڤ ، دواتر دەهات ئەم لێکۆڵینەوەی لەناو ئەدەبدا درێژ دەکردەوە، ((فرۆید بیرورایەکانی خۆی چڕکردەوە لەسەر ئەدەب بەگشتی بەپشت بەستن بە چەمکە زانستی و دەروونییەکانی چونکە کاتێک ئێمە دەڵێن : شیکردنەوەی دەروونی بە شوێن ڕەهەندە دەروونییەکانەوەیە ، بێگومان بۆ دۆزینەوەی ئەو بەشە شاراوەیەیە ، کە سەرچاوەکەی لە دەروونەوە هەڵقوڵاوە ))19 (سمیرە ، ،1980، ص93) کەواتە پەیوەندی نێوان دەروون و ئەدەب شتێکی ئاشکرایە کە لێرەدا دەروون ئەدەب دروست دەکات ، ئەدەبیش دەروون دروست دەکات ، ئەدەب بەدوای ڕاستییەکانی ژیاندا دەگەڕێت تاکو دڵ و دەروون ڕۆشن بکاتەوە ، دەروونیش بوارەکانی ژیان کۆدەکاتەوە تاکو ئەدەب بینێتە ئاراوە.

## پاری سێیەم : مێژووی دەرونشیکاریی

گرنگیدان بەلایە نی دە روونی مرۆڤ مێژوویە کی دێرینی هە یە ، چونکە بابە تە کە پە یوە ستە بە ژیانی مرۆڤە وە ، واتا ئەوەنیە ، کە لە پڕ دۆزرابێتە وە وگە شە ی پێدرابێت ، بە ڵکو لایە نی دە روونزانی بە شێک بووە لە مرۆڤ بە سە رجە م دیاردە کانییە وە ، بە ڵام بە زانستیکردن و بە نووسین و لێک جیاکردنەوەی دیاردە و نە خوشی و شێوازە کانی دە روونی ، بێگومان قوناغ بە قوناغ گە شە ی کردووە و پیشکە وتووە ، هە ر زانایە ک هاتووە لێکولینە وە ی لە بارە وە کردووە و هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێش چووە ، ئەگە ر بمانە وێت برۆینە وە بۆ سە رە تاکانی مێژووی سە رهە ڵدانی دە روونناسی ، ئە دە ب ئە وا هە ر دەبێت بگەڕێینە وە بۆ سە رە تاکانی مێژووی دە روونناسی خۆی ، چونکە سە رهە ڵدانی دە روونناسی نە دە ب جیا نابێتە وە لە مێژووی دە روونناسی ئە دە ب . ئە و کاتە ی زانای ئە لمانی سیگمۆند فرۆید ( ١٨٥٦- ١٩٣٩ ) هە وڵە کانی خۆی چڕکردە وە لە سە ر نە خوشییە دە مارە کان ، کاتێک کە وتە گومانە

وه !؛بینی هه ندیک نه خوشـــی هـــەن هـــیچ په یوه ندی نییه به جه سته وه . له کاتیکدا پزیشکه کان هه موو چاره سه رکردنه کانیان له رێگه ی جه سته ی نه خو شه وه بوو ، به ڵام فرۆید له سه ره تای کاره که یدا خـۆی وه ک پزیشکێکی پسپۆڕی ئه عسـاب ده ناساند ، بـه ڵام زور زوو سـه رنجیدا ئـه و فێرکردنانه ی له پاریس له باره ی نه خوشیه ده ماریه کان بینی بووی ده توانرێت چاره ســـه ری زور نه خۆشـــی پێبکریت ) ) 20(عەوڵا، 2007، ، ل 22)فرۆید کاتیک له باره ی کاره که ی زیاتر قووڵبوەوه بۆی ده رکه وت، که ( ( ئه و نه خوشـانه ی تووشـی نەخوشـی هسـتیری ( hysterics ) هاتبوون ، تیۆریه که ی ئه وه بوو ، که ره گ و ریشه ی کێشـه ی ئه م نەخوشانه شتیکه ، په یوه ندی بـه دەروونـه وه هه یه ، نـه ک لـه ش ( جه ســتـه ) ) )21 (عەبداللە، 2013،ل13)

ئالێره وه فرۆید ،هه نگاوه کانی خۆی چرکرده وه له باره ی ده روونشــیکاری ، به رده وام به ڵگه ی دەدۆزییەوه بۆڕایەکانی خۆی، تا ئه و جێگەیەی ناوچەیەکی جیاکردەوە، له ناو مرۆڤدا و ناوی لینا ( نەسـت ( unconscious ) ( و به ته واوی له ( هه ست ) ی جیاکرده وه ، فرۆید به ته نیا نه خوشـــه کانی خۆی نه کرده مەیدانی لێکۆڵینەوەکانی ، له باره ی ده روونشـیکاری و هه موو رەگه قووڵەکانی له مرۆڤدا، بەڵکو ئاوڕی لەمێژووی گەلان دایەوه و بەشوێن تیۆرەکەی خۆیدا دەگەڕا له دابونەریتی گەلانداوه ک ده ڵێت : ( ( ئه گه ر ئه م تیۆریه راست بیت که نه ته وه و هوز و نیمچه هۆزه کـــان لـــەم چه شنەن ، هه روه ها بتوانین داوەریان له ســه ر بکه ین و بیســه لمێنن، که ژیانی ده روونی ئه وان یه ک له و ده رکه وتنانه ی پێشــوو بێت که تەواوکه ری ژیانی ده روونی ئیمەن و وه ک خۆی به بی ده ســـت تیوه ردان پارێزراوه ) ) 22(فرۆید،٢٠٠٥،گ٢٢) واتا: فرۆید ته واو یـــه قینی هه بوو، که مرۆڤی کۆن و مروڤی نوێ هیچ کامیـــان خـــاڵـــی نـــیـــن لـــه ســـایکۆلۆژیا ، هه ریه که یان بـــه جۆرێک ده ردەکەوێت ، له زه مه ن و ژینگەی تایبه تی خۆیدا ، ئه م هه وڵه شـــی بۆ ئەوه بوو، که ڕەگه کانی ئه و باوه ڕانەی خۆی بدۆزێته وه، له ناو مێژووی گه له سه ره تاییه کاندا ، هه روه ها هـەوڵـەکانی خـۆی تـۆخکرده وه ، له باره ی ئه فســـانه و چیرۆک و به ســـه رهاته کۆنه کان ، بۆ دۆزینه وەی ڕه گه زی دەروونی و ســـایکۆلۆژی له و رووداوانه دا ، وه ک لیکۆڵینه وه له ئه فســانه ی ئۆدیبی ( سۆفۆکلیس ) ی یۆنانی و به شێکی زۆری ئایدۆلۆژیا و ئاینزاکان.

((ئیمه به رێگه ی پاشـــماوه و ئامراز و که ره ســـته و به رهه مه هونه رییه کان و و ئایدۆلوژیا و ئایینزا ، که له مرۆڤـەکانی پیش میێژوو بۆمـــان بـــه جێماوه ، راسته وخۆ ، یان ناراســـته وخۆ، به رێگه ی گێرانه وه ی ئه فســـانه و چیرۆکی جنۆکه و په ریه کان لێیان ئاگادار بووین، له ئاکامدا به رێگه ی ئاســه واره کانی شـیوازی تێرامانی ئەوانه وه، که له خودی دابونه ریتی ئیمه دا به جێماوه، شــاره زای هه وراز و نشـێوه کانی ژیانیان ده بین ))) 23(زیعور، 1978، ص105 ئه م هه وڵه ی فرۆید، که ئاوڕیدایه وه له ئەفسانه و به شێکی ئه ده بی گەلانی کۆن ، خـــۆی له خۆیـــدا ده توانین به سه ره تاکانی مێژووی سه رهەڵدانی دەروونناسی ئه ده بی له قه له م بده ین ، چونکه فرۆیـــد لـــــه م کارەیدا دەرگای کردەوه، له ئاویتەبونی ئەدەب و دەروونناســـی لەگەڵ یەکتردا ، به م کاره شی به ردی بناغه ی ده روونشیکاری ئه ده بی دانا و ڕێگەخوشکه ربوو بۆ لیکۆڵه ران و توێژه رانی دوای خۆی ، که ئه م هه نگاوه به جیا و ســـه ربه خۆ وه ربگرن له ریبازه کانی لێکۆڵینه وه ی ئه ده بیدا ، وه ک قوتابخانەیه ک ناوزەنـدی بـکـەن ،! ته نانه ت ئـه و بـــاوه ڕه دروستبوو، کـــه هـــونـــه ر به گشـــتی ( ( دیارده یه کی ده روونییه وه کو ئه عساب و خه ون دێتن ) ) 24 (عبدالمنعم : 1998، ص363) به و مانایـەی کـاری ئه ده بی کایه و مه یدانێکه بۆ هونه رمه ند و ئه دیب هه تا باری ده روونی خۆیان له و کایه یه دا ، دابرێژن و دەریبخەن،هونەرمەند جیهانێک ده خولقێنـــێ لـــه ناو هونه ره که یدا ،

هه تا بتوانێت ئاره زووه به ستراوه كانی خۆی تێدا دابنێت، به م شێوازه ده روونناسی و ئه ده ب وه ك دوو ڕووباری گه وره تێكه ڵ به یه كتر بوون.

فرۆید له گه ڵ هه ر لێكۆڵینه وه یه كیدا، له باره ی كاره نه ستییه كانی مرۆڤ ، دواتر ده هات ئه‌م لێكۆڵینه وه یه‌ی له بواری ئه ده بدا درێژده كرده وه ، بۆ دڵنیایی زیاترو دۆزینه وه ی لایه‌نه شاراوه كانی نه‌ستی مرۆڤ به گشتی ، وه‌ك: ( ( لێكدانه وه ی خه ونه كان ١٩٠٠ ، ده روونشیكاری نه خۆشی ژیانی ڕوژانه م ١٩٠١ ، سێ نامه له تیور ی سێكس ١٩٠٥ ) ) 25 (زيعور، 1978، ص105 )، پاشان هات بۆ لێكدانه وه‌ی خه‌ونه‌كان ، هه ولّه كانی خۆی چڕكرده‌وه، له سه ر ڕۆمانی ( ( گراديفا ) ) ، ئه م هه ولّه ی یه كه مین هه ولّی بوو له‌م بواره دا ، (( ئه‌م ڕۆمانه باسی زانایه‌كی شوێنه‌وارناسی ده‌كات ، كه ده‌كه‌وێته ناو ئه‌وینی په‌یكه‌ریكی دێرین ، له‌دوایدا بۆی ده‌رده‌كه‌وێت ، كه‌ئه‌م ئه‌وینه ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ئه‌وینێكی ڕاستی بۆ كچێكی دراوسێیان ، كه‌له‌ڕابردوودا هاوڕێی منداڵی بووه، ئه‌و كچه هاوڕێیه‌كی كجی زانایه‌كی ئاژه‌ڵ ناسییه، كه ته‌نها بایه‌خی به ئاژه‌ڵ ده‌دا ، له‌دیالۆگی نێوان كچه‌كه و شوێنه‌وار ناسه‌كه‌دا ، كچه‌كه ده‌ڵێت : (( له‌نێو كۆمه‌ڵه‌ی ئاژه‌ڵه‌كانی باوكمدا ، من پارچه‌یه‌كی به‌نرخ نه‌بووم ، ئه‌گه‌ر ئه‌و پارچه به‌نرخه بوومایه ، ئه‌وسا سۆزم بۆ تۆ به‌و ڕاده‌یه نه‌دابوو ، فرۆید له‌م دانپێنانه‌دا، له‌پشتی ئه‌وینی كجه‌و شوێنه‌وارناسه‌كه ، ئاره‌زویه‌كی ڕه‌سه‌نی ئۆدیبی ئاشكرا ده‌كات )) 26،( ئه‌سوه‌د : ٢٠٠١، ل٤٣)زیاتر له‌مه ش هه ولێكی ناوازه بوو سه‌باره ت به لێكدانه وه‌ی ده روونشیكاریانه ی بۆ كاری ئه ده بی و هونه ری ، فرۆید چه ند هه ولّێكی گرنگیدا له سه‌ر لێكدانه وه و شیكردنه وه ی كاره ئه ده بییه كان ، له وانه ( هاملیت ) ی شكسپیر و دیستۆیفسكی و لیوناردۆ دافینشی ،هه‌موو ئه م هه وڵانه بووه ڕێگا خوشكه ری ئه م ره‌وته له بواری ده‌روونشیكاری نه ده بدا مه یدانێكی گه وره هاته ئاراوه ، كه پاش فرۆید كۆمه ڵێك زانای تر هاتنه ئاراوه ، دریژه یان به م ڕه‌وته‌دا ، هه ندێكیان خسته سه رو هه ندێكیشیان ڕه تكرده وه، له وانه ش كارڵ گوستاڤ یونگ، كه ئه‌وه‌ی ( ( قبووڵبوو كه ناخود ئاگا ( نه ست ) له بڕیاردانی ( هه‌ست ) خود ئاگای ئێمه دا بوونی هه یه ) ) 27 (احمد: 1999، ،ص76) ، به ڵام به وه نده نه وه ستا، ده روونی مرۆڤی دابه‌ش كرده سه ر سێ ناوچه ی جیاواز، ئه‌وانیش ( هه ست و نه‌ستی تاك ، نه ستی كۆ ( collective anconscioys ) ، دوا به دوای ئه م زانایه، (نورتروپ فراییه) ، كه ساڵی ١٩٥٧ به رهه مه كه ی خۆی بڵاوكرده وه، به ناوی ئاناتۆمی ره‌خنه ) ( anat- omy of criticism بیروراكانی خۆی چڕ كرده وه له سه ر ئه ده ب به گشتی ، له پال ئه مانیشدا ( ژاك لاكانی )، فه ره نسی هه‌وڵه كانی خۆی چركرده وه له باره ی كاری ئه ده بی و ئه م قوتابخانه یان زیاتر فراوانكرد.

من له‌م باسه دا په یره وی قوتابخانه ی شیكردنه وه ی ده روونی ده كه‌م . به پشت به ستن به چه‌مكه زانستی و ده‌روونییه كانی ئه م قوتابخانه یه ، چونكه من كاتێك ده ڵێیم شیكردنه وه ی ده روونی به و مانایه یه ئێمه له و بابه ته ی ، كه له به ر ده ستم دایه و شیعره ، به شوێن ره‌هه‌نده ده روونی و سایكۆلۆژیه كه یدا ده گه ڕێم ، مه‌به ستمانه ئه و ده‌قانه‌ی (جه‌لالی مه‌له‌كسا ) ، شیبكه ینه وه بۆ دۆزینه وه ی ئه و به شه شاراوه یه ی ، كه سه‌رچاوه كه ی له ده‌روونه وه هه ڵقولاوه ،! چونكه ( ( ئه وه ی راستی بێت ئه و قوتابخانه‌یه كاریگه ری زۆری هه بوو به تایبه‌تی له بواری هونه ر و ئه ده ب و كۆمه ڵناسی و ئایین ) )28،( ئازاد عةلی : 2007، دةروونزانی كشتی ،ض1،ل27) له ناو ئه م قوتابخانه‌یه شدا كۆمه ڵێك زانای گه وره كاریان كردووه ، كه ڕوانینیان تاڕاده یه‌ك جیاوازه له باره ی ده‌روونی مرۆڤ به گشتی ، له و زانایانه ش یه كه مین رابه ڕیان فرۆید، پاشان ئه دله ر ( Adler ) و سولیفان ( sulivan ) و یونگ ( jung ) و هورنای ( hornay ) بوو.

## پاری چوارەم : تیۆری شیتە ڵکردنی دەروونی فرۆید

تیۆری دەروونشـیکاری تیۆرییەکە دەربارەی ڕێکخسـتنی کەسـایەتی و میکانیزمەکانی گەشـەکردنی، کە ڕێنمایی چارەسـەری دەروونشـیکاری دەکات، شـیکاری دەروونی شـێوازێکی چارەسـەرییە کە لە چارەسـەرکردنی نەخۆشـییە دەروونییەکان بەکاردێت، سیگمۆند فرۆید لە کۆتایی سـەدەی نۆزدەهەمدا یەکەم تیۆریی دەروونشـیکاریی پەرەپێدا، دواتر گۆڕانکارییەکی زۆری بەسـەردا هات، تیۆری دەروونشیکاری لەچارەگی سێیەمی کۆتایی سـەدەی بیسـتەمدا بە تەواوی سـەریهەڵدا، وەک بەشـێک لە مشـتومڕێکی گەشـەسـەندوو سـەبارەت بە چارەسـەری دەروونی، لە دوای شـەسـتەکان و زۆر دوای مردنی فرۆید لە سـاڵی ١٩٣٩، تیۆرییەکەی بە شـێوەیەکی بەرفراوان کەوتە کێبڕکێ و ڕەتکردنەوە ، فرۆید کارەکانی لەسـەر مێشـک و توێژینەوە دەمارەکانی وەسـتاند و سـەرنجی خسـتە سـەر لێکۆڵینەوە لە عەقڵی نائاگا و ئەو تایبەتمەندییە دەروونیانەی، کە گارەگەری دەروونی پێکیدەهێنن، هەروەها لەسـەر چارەسـەرکردن بە بەکارهێنانی میکانیزمەکانی پەیوەندی و گۆڕانکارییەکانی تر،کەبەم شێوەیە پۆلێنی کردوون..:

ا - ئاسـتی ئاگایی : یە کە م ئاسـتە، کە مرۆڤ هەسـتی پێدە کات : بریتییە لە ئاسـتی (( ئاگایی یەکەم ئاستی شعورە، کـە مـرۆڤ هەستی پێدەکات ، کاتێک بەدەم ڕێگاوە دەڕۆیت هەسـت بەسـاردی یـان گەرمی دەکەیت ، چاوەکـانـت دەیمەنەکـان دەبینن و لێکیـان جیادەکەنەوە، واتا: ئاسـتی ئاگایی ئەو بارەیە ، کە مرۆڤ تیایدا دەژی و جموجۆڵ دەکات و بەئاگایە )) 29،( سـڵێوە، ٢٠١٣، ل٤٤) بۆ نموونە (هە سـت کردن بە کتێب کاتی خویندنەوەی ، ئە مانە هەموویان بیر و ئە زموونی عەقڵین، کە ناوچەی هە سـتمان داگیر دەکەن ) " 30 ،( گەردی،٢٠١٠، ل١٥٠) ئەم هەستەش هەموو ئە و شـتە هەنوکەیی و نوێیانە دە گرێتە وە ، کە لە دە وروبە رمان هەن و هە سـتیان پێ دەکە ین ، پێش گواستنە وەیان بۆ ناوچەی پێش هەست . مێشـکی بە ئاگاش ( ئە و بە شـە یە ، کە مرۆڤ بەوپە ڕی ئاگاییە وە کار و کردە وە کانی جێبە جی دە کات و ڕاستە و خۆ بڕیار دە دات و پێویسـتی بە سـەرخسـتنەوەی یادگارە کۆنە کان نیە )31 (حسـین ، ٢٠٠٦ ، ل659، پێشـڕەو عبدڵلا پێی وایە ،کە (( زۆرترین حاڵەتی ململانێی دەروونی دەکەونە سـنووری هەستی مرۆڤەوە))32(عە بداللة، ، 2013، ل28 ).

مرۆڤیش ئە و زانیاریانەی ، کە وەریان دە گرێ بۆ ماوەی نزیکەی چرکەیە ک ، لە تۆمارکە ری یادی هەسـتیاریدا دە مێنێتەوە ، لەو ماوەیەی ئە و زانیارییە لەو تۆمارگە یەدا ، هە ڵبژاردنێکی توند ڕوودە دات ، تەواوی ئە و زانیاریانە، لە ماوە یە کی ئێجگار کورتدا قابیلی بیر هاتنەوەیە ، ئە و شتانەی کە لە مێشکدا هەڵدەبژێردرێن بۆ کۆگای پێش هە سـت دە گوازرێتە وە ، لەوێ دە پارێزرێت ! ئەمەیش ڕێگا بۆ درککردن خۆش دە کات بۆ ناسینی شتە کان .

2- -ئاسـتی پێش ئاگایی : بریتییە : ((لەو زانیاری و شـارەزاییانەی ، کە لە کۆئەندامی یاددا کۆکراونەتەوە و پارێزراون ))32...یان ئەو ئاسـتەیە ، کە ئەو زانیارییانەی (( کە بە یە کێک لە پێنج هە ستە کانی مـرۆڤ هە ستیان پێکراوە ، لە مێشکی مـرۆڤ خـە زن دە کـرێن ، لە کاتی پێویست دە توانین بیانهێنینە وە ئاستی ئاگایی ( هەست ) ی ) ، واتا ئە و ئاستە یە ، کە مرۆڤ دە توانێت بە ئاسـانی ئە و شـتانەی مە بە سـتێتی ، بیر خۆی بخاتەوە ،))33(سعید،،٢٠١٥.ل٨٥)).

3- ئاستی بێئاگایی : ئەم ئاستە لە کاتی بێئاگاییدا کاردە کات ، بریتییە: لەو ئاستەی ، کە ( لە بێئاگایی کاری خۆی ئە نجام دە دات ، وەک لە خەون و لە کاتی بەدمەسـتی و بێهوشـی دە ردە کە ویت ، شتە قە دە غە کراوە کان بە پیی کۆمە ڵگاکە لە نێو جیهانی بێئاگاییان حە شـار دەدەن ) 34 (عبداللة، ، 2013، ل28). ، واتا ئەوشـتانەی ، کەمرۆڤ هەوڵدەدات

خۆی لێیان ڕزگار بکات ، بە ڵام بە لە کۆگای نە ســت دە پارێزرێن و لە کاتی بی ئاگایی دووبارە سەردەردەهێننەوە.

4 -کە سایە تی لە دیدی فرۆید : فرۆید جەختی لەوە کردەوە ، کە کەسایەتی پێکهاتەیەکی دیاریکراوی هەیە و ئەو ســێ هۆکارەی ، کە لە ســەرەوە باســمان کرد بەشــدارن لە بنیاتنانیدا. کە نائاگایی شــوناس و بنەمای بایۆلۆژی کەســایەتی پێکدەهێنێت، لە کاتێکدا هۆشیاری (کە لە ساڵی یەکەمی ژیانی منداڵدا دروست دەبێت بنەمای دەروونی کەسایەتی پێکدەهێنێت، بەشێوەیەکی گشتی کەسێتی لەدیدی فرۆید بریتین لە (من – منی باڵا- ئەو)

یەکەم : (من) : ناوەندی هەستە و سەرپەرشتیاری سیستەمی جووڵەی خۆبەخشە، وەک چۆن ناوەندی تێگەیشــتنی هەســتیاری دەرەکی و ناوەکییە، هەروەها ئەرکی بەرگریکردن لە کەسـایەتی هەڵدەگرێت، کاردەکاتەسـەر هەردوو بنەمای کەسێتی و ژینگەیی، هەروەها کـاردەکـات لە پێنـاو نەهێشــتنی ململانێی نێوان داواکـاریی (ئەو) و داواکـاریی (منی باڵا)هۆشـیار و نائاگا، وەک چۆن سـەرنج دەخاتە سـەر دوو لایەن، لایەنێک چاوپۆشـی لە پـاڵنەرە غەریزەیی و زگمـاکییەکـانی نـاو id دەکـات، لایەنەکەی دیکەش لە ڕێگەی هەســتەکانەوە چاوپۆشــی لە جیهانی دەرەکی دەکات، لە ڕێگەی ئەم دوو لایەنەوە کار لەســەر گونجانی نێوان... داواکارییەکانی id و بارودۆخی دەرەکی، کاردەکات لە ژێر ڕۆشــنایی بنەمای واقیعدا،((ئیگۆ نوێنەری واقعە ، ڕێ نادات هەرچی شــتی چەپێنراوە لەواقعدا دەرکەوێت))35(مەتنتك :2018،ل٧٨) ، بەهای خۆ دەپارێزێت و بەدەســتی دەهێنێت، گونجان و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی کەسـایەتی دەپارێزێت، و ئەم بەشـە گرنگەی کەســایەتی لە ڕێگەی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەوە گەشــە دەکات ئەو ئەزموونانەی کە تاک لە منداڵییەوە تا گەورەیی بەرکەوتەی دەبێت.

دووەم : (منی باڵا) : سـوپەرئیگۆ فرۆید سـەبارەت بە سـوپەرئیگۆ دەڵێت: کۆگای ((ئەو بەهاو یاسـایانەیە ، کە لەدەرەوە سـەپێنراوە بەسـەریدا، کەلەباوکەوە دەسـت پێدەکات تا کۆمەڵگـا ))36 (دزێیي: 2021، ل65) ســوپەرئیگۆش، نوێنەرایەتی ویژدان و بەهـا کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و نەریتیەکان دەکات، هەروەها نوێنەرایەتی بەها و چاکە و ڕاست و ڕاســتی و دادپەروەری و حەڵاڵ دەکات و وەک کۆنترۆڵیش کاردەکات، ســوپەرئیگۆ لەگەڵ گەشـەی تاکدا گەشـە دەکات و گەشـەکردنی لەلایەن دایک و باوکەوە بە تایبەتی یان ئەوانەی جێگەیان دەگرنەوە وەک پەروەردەکاران کاریگەری لەســەر دەبێت، هەروەها کاریگەری لەســەر ئەو کەســایەتییە خۆشــەویســتانە دەبێت ، کە تاک بە نمونەی خۆی دەزانێت، پێچەوانەی کاری id ە، بەڵکو کۆنترۆڵی دەکات و ڕێگری لێدەکات لە تێرکردنی ئارەزووەکانی لە ڕێگەی ئیگۆوە.

سێیەم : ( ئەو ) : بەلای فرۆیدەوە ، کۆنترین بەشە لە کەسایەتیدا ، لەگەڵ مرۆڤدا لەدایک دەبێت، ســەرچاوەی وزەی ژیانی و دەروونی ئەو تاکەیە ، کە لەدایک دەبێت و لەگەڵیدا دابینکراوە، غەریزە و پـاڵنەرەکـانیش لەخۆدەگرێـت؛ وەک پـاڵنەرە ســێکســی و شـەڕانگێزەکان، بۆیە هەموو شتێک لەخۆدەگرێت کە لە پێکهاتەی جەستەدا جێگیرە، (( کوگاو سە ردابێکە پڕیەتی لەڕەمەک و پێداویستییە فسیۆلوژیە کان و کۆنترین بەشـی کە سایە تییە ، واتە کاتێک مرۆڤ لە دایک دە بێت، تە نیا ئە م بە شە ی هە یە لە تە کیدا لە دایک دە بیت و بە درێژایی ژیانیش ، هــە ر لە گەڵیدا دە مێنیتە وە ، لە بۆماوەی حە ز و ئارە زووە ئاژە لییە کان پیکهاتووە ، دەبێت بە بە ردی بناغە ی کە ســایە تی مرۆڤ ) ) 37(قەرەجەتانی :2003، ل86)،، واتا ( ئەو ) لە گە ڵ ئەوەی لەجەستە دایە و بە شێکە لە جە ســتە ، بەلام زیاتر وە ک حە ز و ئارە زوو غە ریزە هە یە، کە لە ناو مرۆڤدا بوونی هە بە .

٥-(نەســت- خەو ) : فرۆید باوەڕی تەواوی گرنگی خەون هەیە، هەروەها پێی وایە خەونەکانی مرۆڤ گوزارشتە لەوەی کە هەستی پێدەکات و عەقڵی نائاگایی هەڵدەگرتووە،

بەمەش لێکدانەوەی خەونەکان تێڕوانینێکی بەنرخ دەدات بە نائاگایی، فرۆید لە ساڵی 1900 کتێبی خۆی لەسەر لێکدانەوەی خەونەکان بڵاوکردەوە، هەروەها ڕوونی کردەوە کە چۆن خەون دەرچەی بیری کۆکراوەن، کە لە ڕێگەیەوە ئارەزووە نووسراوەکان بەپێی دەربڕینی ئەو بەدی دێنن، وەک چۆن خەونەکان ڕێگە بە خاوەنەکانیان دەدەن لە دۆخێکدا بەبێ هۆشیاری مامەڵە لەگەڵ بیرکردنەوەکاندا بکەن ، بەجۆرێک کە لە سنوورەکانی واقیع ڕزگاریان بێت،(( نە ستیش کە هە ڵگری ( ئـە و بـە شـە مـت و چـە پیندراوانەن ، هـــە ر لە قۆناغی منداڵییەوە سەرکوت کراون ، بە ئاسانی ئە و حەز و ئارە زوانەی تیر نەکراون و هە ولّی خۆدە رخستن دەدەن ، لە ڕێگای خەونەوە خۆیان لەو زیندانە رزگار دەکەن ، دوور لە چاودێر ( سانسور ) ئەمەش بە وێنەی دە ربڕینی جۆراوجۆر خۆیان لە خەون و لە شێوەی ڕەمز و ئالوزی هێمادا پیشان دەدەن ، )) 38 (سعید، 2015، ل٨٧) .
، خە ون دە بێتە سە کۆیە کی ئازاد بۆ هە موو ئە و شتانەی کە لە نەستدان و لەوێ خۆیان حە شار داوە.

## بەشـی دووەم : ڕەنگدانەوەی ڕەهەندە دەروونییەکان لەشـیعرەکانی (جەلالی مالاک ) دا

**1-ڕەشـبینی** : بەپێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد وشـەی ڕەشـبینی بەواتای ((لەدەسـت دانی هیوا و متمانە بەداهاتوو دێت)) 39، (ئۆکسفۆرد ،١٩٩٩، ل 504 ( ڕەشبینی دیاردەیەکی دەرونییە ، ڕووبەڕووی هەموو مرۆڤێک دەبێتەوە ، لەقۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیاندا بەشـێوەیەک لە شـێوەکان و مرۆڤ لە ژیانیدا لەنێو خۆشـی و ئازاردا دەژێت ، مرۆڤی ڕەشبین ئەوکەسەیە تروسکایی و ڕووناکی لە نێو ژیانیدا نابینێت و هەمیشە بیر لە مردن یـان لایەنی نێگەتیف دەکـاتەوە ، هیچ بڕوایەکی بەداهـاتوو نییە ، لە فەرهەنگی دەرونی واهاتووە : ڕەشـبینی بریتییە لە کێشـەی هزری) 40(صـلَیوة :2013، ل110 ، لەمەوە دەردەکەوێت ، کە ڕەشـبینی بارێکی دەرونییە ! کە مرۆڤ زیاتر لایەنە نەرێنییەکانی تێدا بەرجەسـتە دەکات ، بەجۆرێک هەندێ جار مرۆڤ بەهۆی ڕەشـبینییەوە دەگاتە ئەوپەڕی حاڵەتی نالەباری دەرون ، تەنانەت هەندێ جار پەنادەباتە بەر خۆ کوشـتن ، ئەم بارە دەرونییە بە ئاشکرا بە شیعرەکانی جەلالی مەلەک شاوە دەبینرێت.
ئەوەتانی لە دەقی ( ئاخاوتن و ئەوین ) شـاعیر ڕەشـبینە بە ڕەفتار و ئاکاریی تاک بەتاکی کۆمەڵگاکەی کاتێک دەڵێت:

**پێخاوی ڕێ مەکە گیانەکەم**
**ئەم خاکە ئاوس بە دووپشکە**
**گەر نوستی ،کەپەنگ لەبەر کە**
**سیاساڵ مار زۆرە**
**هەردەستێ مەگووشە**
**لەنێو زۆر قۆڵدا مار ، پاپۆکەی داوە (دیوان ،ل121)**

ئەوەی لەم دەقەدا بەرجەستەبووە ، ڕەشبینییەکی ئێجگار زۆرە ،کەشاعیری دەورەداوە ، هەڵبەتە ئەمیش لەئەنجاملی خراپ بوونی کۆمەڵگا و نەمانی متمانەوەیە.

**ڕایەخێکیان بۆ ڕاخستم**
**قەڵەمێکی دەستەمۆیان دایە دەستم**
**ووتیان بنوسە شەوە زەنگ**
**لەم وڵاتە سروشتییە..........**
**بۆنی گوڵ و تیشک و هەتاو دەمار ئەگرێ**
**ئەوەی بەرەوئاسمان ئەفڕێ ئەشقیایە**
**عومری باڵندەی بەرزەفڕ**

**کورتە بەقەد تەمەنی گوڵ**
**هەر زوو ئەمرێ (دیوان ، ل 23)**

یەکێک لە پاڵنەرەکانی پشت درووستبوونی ڕەهەندی دەرونی بریتییە لە: خراپی بارودۆخ (جاڕامیاری و کارگێری بێت یان کۆمەڵایەتی بێت یان ....... ، لێرەدا شاعیر بەهۆی هەستکردن بەخراپی باروودۆخی تاک ، لە ئەنجامی بڕیاری کارگێری و سیاسی هەڵەوە ، توشی ڕەشبینی بووە و پێی وایە لەوڵاتی ئەودا ڕۆژ ڕۆژی خەڵکی شەقاوە و جەلادە !! شوێنێک بۆ مرۆڤی خاوەن بڕوا و بەعیزەت نەماوە ، ئەوەی دەنگ هەڵبڕیت و ڕاست بێتە گۆ ! یان بیەوێت بەرز بفڕێت ، چارەنوسی مردنە.

**دەرفەت نەماوە.....جیهان بە هەشتاو**
**بەرە و سەرەتای ئەگەڕێتەوە**
**خواکانی زەوی دەفری ئاسمانیان**
**لەئەستێرە و ڕۆ ژلە مانگ داتەکاند (( دیوان ، ل 76)**

لەم دەقەشدا شاعیر هێندە ڕەشبینە بە داهاتووی تەواوی مرۆڤایەتی، پێی وایە ژیان کۆتایی هاتووە و مردن تەواو تەواو نزیک بۆتەوە ، هەڵبەتە ئەمیش بەهۆی ئەو بارودۆخە دەروونییە خراپەی لە ئەنجامی مامەڵەی خراپی دەوروبەرەکەوە بەسەریدا هاتووە.

**2- گەشبینی :**((گەشبینی ، ڕوانینی تاکە بۆ ئایندە ، بەهۆی دەروونێکی هێمن و پڕ هیوا وئاواتەوە )) 41 ( سعدون، 2015،ل٢٠٣)، مرۆڤی گەشبین لەگەڵ کەسانی رەش بین هەمیشە وردبین ترن، ئامادەکاری زیاتر و پێشبینی ئەگەرە خراپەکان دەکەن بۆیە زووتر خۆی ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە دەکات لەگەڵ ئەو ئەگەرانەی مەترسی ڕودانیان هەیە،بەڵام کەسانی گەشبین پتر دونیا بەوشێوەی، کە هەیە دەیبینن و زۆرجار هیوای زۆرتر لە رادەبەدەریان لادروست دەبێت و ئەوەندە بیر لە ئەگەرەکانی سەرنەگرتن و شکستەکان ناکەنەوە.

شاعیر لە (دەقی خاون دەبینم یان بێدارم) سەرباری ئاستەنگ و بەربەستەکانی ژیان ، هێشتا گاشبینە و کۆڵ نادات ، هەوڵی بەگژداجوونەوەی هەموو ئەوکۆسپانەدەدات کاتێک دەڵێت:

**لەناو جەرگەی تەم و مژێکی خەستدا بووم**
**من خۆم بەرەو پەڕپەڕۆچکەی ئاسمان ئەچووم**
**بەووشەی تیشک ..... قسەم لەگەڵ شەودا ئەکرد**
**دژی زریان و شەختەبووم**
**سینگم پڕبوو لەبروسکە**
**ڕۆحم وەک ڕۆژ لەناودەروونما ئەدرەوشا(دیوان،ل٤٢)**

شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ رابردووی خۆی ، باسی ئەو گرێیانە دەکات ، کە بوونەتە هۆی خەم و پەژارە بۆی، بەڵام ئەو بەئومێد و گەشبینییەوە ، ڕووبەڕوویان دەوەستێتەوە، بەربەستەکان تێک دەشکێنێت و ژیان ڕووناک دەکاتەوە،شەوە زەنگ دەکات بە ڕۆژی ڕووناک.

هاروەها لەدەقی (جەنگی شکاو) دا، دەڵێت :

**تۆ وڵاتی ئەوین و پرلەزاری ............. من شەهیدوکوژراوی ژاو وژەنگم**
**مەم تارێنە و مەم نێرە بۆ غەریبی ........ من هەر لەنیشتیمانی خۆم بەسەنگم**
**خەزەڵوەری ژیانە، من بەڵام هەر ........ بولبولی عاشقی گوڵی قەشەنگم**
**هەرئەخوینم بەدڵ بۆگوڵ بۆ جوانی ...... هەرچەندە پیرم و شکاوە چنگم**
**(د.ل٢٥٥)**

شاعیر بەهۆی کەوتنە داوی خۆشەویستییەوە، بەهۆی نەگەیشتن بە چێژی سێکسی ، گرێی دەروونی بۆ دروست بووە ، سەرباریی دلڕ رەقی یار و دووری لەیارەوە ، سەرباری

چوونە نێو تەمەن و گەیشتن بە تەمەنی پیری ! بەڵام هێشتا گەشبینە ، خۆی بەئەویندار ی ڕاستەقینە دەزانێت و هیوا و ئومێدی بە داهاتووی عیشق هەر ماوە.

هەروەها لەدەقی (زیندان) دەڵێت :

**کۆترە باریکەی خەیاڵم ...... تامەزرۆیە هەڵفڕێت تا**
**پەڕپەڕۆچکەی ئاسمانی کاکی بەکاکی**
**جار بەجارێ .... وردیانەکەم**
**دەلاقەکە دەکاتەوە و**
**لێم دەڕوانێ ...... ئەو تاریکی دەبینێت!**
**من ڕووناکی !(دیوان ،ل49)**

دیارە مرۆڤ لەهەرکوێیەکی سەر ئەم زەمینە زیندانی بێت ، توشی نائومێدی و ڕەشبینی دەبێت، بارێکی دەرونی خراپ بەسەریدا زاڵ دەبێت ، بەتایبەت لەئەنجامی مانەوەی لە ژورێکی تەنهادا ، ئیدی پەپولەی خەیاڵ سەر بە هەزار لادا دەکات و هەر ڕۆژەی توشی خەمێکی دەکات ، شاعیریش وەک هەرمرۆڤێکی تر، خەیاڵی نا ئارامی شاڵاوی بۆدەهێنێت و دەیەوێت بەرە و ڕەشبینی و بێ هیوایی ببات ، بەڵام شاعیر دەڵێت سەرباری هەموو خەمێک ، سەرباری ناڕوونی ئایندەمان ، بەڵام هەر گەشبینین بە داهاتووی خۆمان و بێ هیوانابێت و پێی وایە ئاسۆی سەرکەوتنی لێوە دیارە .

**3-خەم :** خە م هە ڵچوونێکی دە روونییە ،! ڕاستە وخۆ و ناڕاستە وخۆ کار دە کاتە سە ر چۆنێتی هەڵسوکەوت ، ڕە وشت و هە ست و سۆز و باری دە روونی مرۆڤ ، خـە م هـە ست و سوزی مرۆڤ دە هـە ژێنێت ، هەندێ خـەمیـش هـە ڵسوکە وتی مرۆڤ دە گۆڕن ، یان لە هەڵسوکەوتی مرۆڤدا ڕە نگدەدەنەوە ، ئە مە بە شێوە یە کی گشتی لای مرۆڤی ئاسایی، لای هونەرمەندانیش لە بەرهەمەکانیاندا زیاترڕەنگ دەداتە وە ، پسپۆڕ و شارەزایانی دەروونناسی دیاردەی خەم بە یە کێک لە هە ڵچوونە سۆزییە دە روونـییـە کـانـی مـرۆڤ دادە نێن ، هـە ڵـچـوونـە سـوزیـیـە دە روونییـە کـانیش بە سە ر دوو گرووپدا دابە ش دە کەن.

١ -خوشی Happiness

٢ -ناخوشی () Un pleasantness هـە ڵـچـوونی دە روونی خـەم ، یـە کـێـکـە لـە هـەڵـچـوونـە نـاخـوشـە کـان ، هـە ڵچوونێکی ئاساییە ))٤٢،( محمد، ٢٠١٢،ل٥٩) بێگومان ڕووداو و کارەساتی ناخۆش و ژینگەی کۆمەلاچیەتی کاریگەرییان لەسەر دەروونی مرۆڤ هەیە ، توشی خەم و پەژارەی دەکەن ، ئەندازەی کارەسات و ڕووداوە ناخۆشەکانیش کاریگەریی چەندیان لەسەرمرۆڤ هەیە، هەروەک چۆن لەمرۆڤێگەوە بۆ مرۆڤێگی تریش دەگۆڕێت.

جەلالی مەلەک شا،بەهۆی ڕووداوە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگاوە (خەم ) ، بە بەشێک لەشیعرەکانییەوە دەبینرێت ، لەدەقی ( ڕێبوار ) دا ، دەڵێت :

**زامەکانم قوڵ و بەترەف و ناسۆرن**
**خەمێکی مێژینەم و**
**لەناو کڵپەی ئاگردانی ئەوینێکا هەڵقرچاوم**
**وەک ئاخێکی دووکەڵاویم**
**هەڵمی ئاخێکی خنکاوم**
**من ڕێبواری مێژووی تاڵی دڵی خۆمم**
**هەرئەڕۆم و هەر ئەڕۆم و هەرجێماوم (دیوان ،ل159)**

ئەوەی لەم دەقەدا دەبینرێت ، خەمێکی گشتییە لە بۆتەی تاکدا بەرجەستە بووە ،! شاعیر هەموو ئەو تەمەنەی بەڕێی کردووە ، پڕبووە لە ڕووداوی ناخۆش ، هەڵبەتە کارەساتەکانی میللەتەکەشی لەبەرچاوگرتووە ، پێی وایە لەوەتەی مێژوو هەیە ، ئێمە لە نێو ئاگر و

دووکەڵی کارەساتە جۆربەجۆرەکانی مێژوودا دەخولێینەوە ، هەرچەندە هەوڵیش دەدەین بەڵام بەهۆی گەورەیی پلان و دڵڕقی مێژوو و کارەساتە ناخۆشەکانەوە ئێمە هەرلەجێی خۆمانین، بۆیە بارێکی دەروونی ناخۆش و پڕ خەمی تێدا بەرجەستە بووە.

هەروەها لەدەقی (پایتەختی خۆشەویستی ) دا ، دەڵێت:

**هەرئەڕۆم و**

**خەمێک بەقەد باستایی کوێستانێکم لەدڵدایە**

**لەگەرووما بولبولێکی بریندارە**

**وشەی خوێن**

**وشەی خەم ...... وشەی ئەوین ئەچریکێنێ**

**لوناو زامی سینگی شەقار شەقار بووما**

**هەورە تریشقەی ئاسمانێکی بێ سنورە**

**لەژێر ڕەهێڵەی بارانی قور قۆشمدا ئەشریخێنێ ( دیوان ، ل209)**

دیارە ، وەک پێشتر باسمانکرد، هۆکارەکانی درووست بوونی (ڕەهەندی خەم ) زۆرن، لەوانە: خۆشەویستی ، بەتایبەتی خۆشەویستییەکی شکست خواردوو ، یان دووری یار، دیارترینی پاڵنەرەکانی پشت درووست بونی خەمن ، لێرەدا شاعیر لەئەنجامی ئەو عەشقەی لە دڵ و دەروونیدایە ، خەمێکی قوڵ و بێ کۆتایی باڵی بەسەردا کێشاوە ، هۆکارەکانیش ئەو بەربەستانەن ، کە بەشێوەیەکی گشتی لەکۆمەڵگای ڕۆژ هەڵاتیدا بوونیان هەیە، بوونەتە هۆی هەڵچونێکی بێ ئوندازە و دروست بوونی خەمێکی گەورە لە دڵ و دەروونی شاعیردا.

هەروەها شاعیر لە دەقی ( تەنهایی) دا ، پڕ بەگەروی هاواریی تەنهایی خۆی دەدات بەگوێی ئێمە دا ، کاتێک دەڵێت :

**وەک باڵندەی بێ هێلانە**

**بەبێ ئامانج شەقام دەبڕم........شارخەوتووە**

**شەقام چۆڵە.......هەرمن تەنها و سەرگەردانم**

**دڵتەنگ ، دڵتەنگ**

**بەچاوی خەم فرمێسک ئەسڕم ( دیوان ، ل 22)**

دەست دانی ئازیزان ، جابەهەرهۆکارێک بێت (مەرک، دورکەوتنەوە ، بێ وەفایی ، دابڕان ، ........هتد) ، هۆکارگەلێکن ، کە رشەهەندی خەم لەدەروونی شاعیردا بەرپادەکەن ، لێرەدا شاعی ربە ئاشکرا خەم بە ووشەکانیدا هەڵواسیووە ، لەئەنجامی تەنهایی و چۆڵی شار و شەقامەکان و نەبوونی دڵ نەوایەک.

4- تـــــرس : ئەمیش یەکێکە لەو دیاردە دەرونیانەی ،کەلەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا هەبووە و هەیە ، ترس لە ژیان ،لەدەورووبەر ، نەخۆشی و مردن ، چارەنوسی نادیار ، لەدەست دانی کەسەنزیکەکان....... هتد ، هەموو ئەمانە مرۆڤیان خستۆتە بارێکی دەرونی پڕ لەنائارامی و دڵەڕاوکێوە ، ڕادەی ترس لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە ،بەپێی هۆکاری ترسەکە ،! ئەمە خۆی لەخۆیدا ئاکام و پەرۆشی مرۆڤە بۆ مانەوە و بەختەوەری و ژیان و سەرکەوتن،43(کریم ، 2020، ل 390)، ترس لای شاعیران ،کەلەمرۆڤی ئاسایی هەستیارتر و پەرۆشترن ، بۆ دنیای جوانی و ئاسودەیی ،پانتاییەکی فراوانتری لەنەستیاندا داگیر دەکات ، وەئەگەر سەرچاوەی ترسەکە مەترسیدار و بکوژ بێت ، ئەوا کاریگەریی زیاتر دروست دەکات ، بەرهەمی ئەدەبی زیاتری پێ دەرازێنرێتەوە.

بێگومان ئەم ڕَەهەندەی دەروونیش لەشیعرەکانی جەلالی مەلەک شادا ، ڕەنگی داوەتەوە ، دەبینین شاعیر لە دەقی ( پەری ) دا ،ەڵێت:

**پەری**

**دەرگەکەتم لێبکەرەوە**

**دڵم تەنگە دەخیلت بم.....گۆڕی بێدەنگی تاریکە**
**وەرە لەناو باخچەی دڵما بچریکێنە**
**دەترسم بەبێ قام و حەیران بمرم**
**هاوارنەکەم ئەم ئازارە دەمخنکێنێ (دیوان ،ل 83)**

وەک وتمان ، شاعیر هەست ناسکە و زیاتر کاریگەریی دەکەوێتەسەر، لێرەدا شاعیر لەئەنجامی دووری لەیار،بارێکی دەرونی خراپی بەسەردا باریووە ،! توشی خەم بووە و پێی وایە تەنهایە ، ژیانی ئەوتەنهایەشی بەژیانی گۆری تاریکِچواندووە، کەئەمە ئەوپەڕی حاڵەتی دەرونی ئاڵۆزە، بۆیە لە نیوەشەوێکدا هانا بۆ ماڵی یاردەبات و داوا دەکات ، کەدەرگەی لێبکەنەوە ، چونکە ڕەهەندی ترسی بەسەریدا زاڵ بووە ، ترسی مردنی شاڵاوی بۆ هێناوە ،بەهۆی دووری لەیار.

هەروەها شاعیر لە دەقی (کارتەپۆستاڵ) دا ، دەڵێت:

**ڕاستە بەهار جوان و شەنگە**
**نەورۆز جێژنی تایبەتی گەلی کوردە**
**لێم ببورن ...... پیرۆزبیاییتان لێ ناکەم....چون ناوێرم**
**بەڵام کارتەپۆستاڵێکی هەڵەبجەتان بۆ دەنێرم(دیوان ، ل92)**

شاعیر ئایشارێتەوە ، کە بەهار وەرزی جوانی و گەشانەوەیە، وەرزی دووبارەژیانەوەی سروشتە، وەرزی گوڵ و دیمەنی دڵفڕێنە، هەر لە بەهاریشدا نەورۆزی کوردان دەبێتە میوان و دڵ ئاوەداندەکاتەوە، بەڵام شاعیر بارێکی دەروونی ئاڵۆزی هەیە بەهۆی کارەساتی هەڵەبجەوە ، ترسی دووبارەبونەوەی ڕووداوەکە لە هزریدا هێندە دەرون و مێشکی ئازارداوە ، هێندە ترساوە ،!تەنانەت ناوێرێت پیرۆزبایی بەهارو نەورۆزیش بکات .

هەروەها لە دەقی ( ئاخاوتن لە ئەوین) ، ترس سەرتاپای لاشەی داگیرکردووە، هاتووە ئامۆژگاریی دڵخوازەکەی دەکات و دەڵێت:

**پێخاوس ڕێ مەکە گیانەکەم**
**ئەم خاکە ئاوس بە دووپشکە**
**گەرنوستی ، کەپەنگ لەبەربکە**
**سیاساڵ مار زۆرە**
**دەستم لێ بەرمەدە .....هەردەستێ مەگوشە گیانەکەم**
**لەنێو زۆرقۆڵدا مار.....**
**پاپۆکەی بەستووە !( دیوان121)**

شاعیر ترسێکی ئێجگار زۆری هەیە لەکۆمەڵگا ، لە دەوروبەری خۆی ، ترسی چارەنوسی یارەکەیەتی ، ترسی هەیە لەو مرۆڤانەی ، کەئەو بە مار و دووپشکی چواندوون، ئامۆژگاری خۆشەویستانی دەکات ، کە هەمیشە بە وریاییەوە هەنگاو بنێن ، تەنانەت لەکاتی خەوتنیش ،چاوکراوەبن ،چونکە ئەم ترسی هەیە ترس لە ژیانیان.

5- نامۆیی : یەکێکی تر لە کاریگەریەکانی سەر دەرونی شاعیرغوربەتە ، دەروون و ناخی مرۆڤ شانۆی کۆبونەوەی زۆر بارودۆخ و دیاردە و کێشەی فرەچەشنە ،!ئەم کێشانەش کاریگەریی ئاشکرا لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاریی مرۆڤ دروست دەکەن، یەکێک لەو دەرهاویشتانەش ، کەلە ئەنجامی پچڕانی پەیوەندی تاک بە دەوروبەرەکەیەوە دروست دەبێت غوربەتە ،لە زمانی کوردیدا(( پە یڤی نامۆیی وە کو زاراوە یە کی داتاشراو بۆ فۆڕمی ( Alienation ) ە، کە بەرامبـــە ر بـــە پـــە یڤی الاغتراب ) ە ، بەعـە رەبـی و ( Entfernung ) بە واتای تـــازیبوون (الانسلاخ بـە ئە لمانی ، پە یڤـە کوردییەکـە( نـامویی ) بـە پێچـە وانە ی دەستەمۆییە ، هە رکە ســی بـەرامبـــە ر بـە دســـــتە مۆکردن یـاخـی ببێت، نـا دەسـتە مۆیە واتـا نامۆیە ، هە روە ها دەکرێت پەیڤی هاڤی بوون لە جیاتی نامویی بە کاربێت ، چونکە هـاڤی : واتـە جێمانەوەڤە مان ، واتە جێمانە وە و گیرۆبوونی

یـــان تـیێکـەڵ نــە بـوونی لە گە ڵ کۆمە ڵە ، وەوشەی ( نامۆش بە واتای ( غە ریب ) هاتووە ،: ئاوارە لـە وڵات ، بە ستە زمان ....هتد،)44،( حمەفرج،2016،ل8) هایدگەریش پێی وایە (نامۆ ئەوکەسەیە ، کەناتوانێت گوزارشت لە پێداویستییە سایکۆلۆژییەکانی بکات ، مرۆڤێکی لێڵ و تێکەڵە هیچ کاتێک ناتوانێت لە ڕاستیەکانی خودی خۆی ڕابمێنێ ، کەسێکە خودی خۆی ونکردووە ،واهەست دەکات ،کەهەموبونێکی خۆی لەدەست داوە) 45(عبدالرحمن،2010، ل19 ).

نامۆیی دیاردە یە کی دە روونیە ، لە ئە نجامی کارلێکی کۆمە لێک هۆکاری کۆمە ڵایەتییەوە دروست دەبێت ، لە وانە ش هە ژاری و لێقە ومان و کارەساتی دڵتە زێن و نــە بـوونی هێـز و پاڵپشت و ئاوارەیی ، چارەسە رنە کردنی گرفتە کانی ژیان ، نە بوونی پلە و پایە و ڕێز و خوشە ویستی لە ناو کۆمەڵ ، تاک هەست بکات کە بێزراو و پشت گوێ خراوە و هـیـچ بـە هـاو نرخیکـی لـە ژیاندا نیە.

ئەم ڕەهەندەش بەئاشکرا بەشیحرەکانی جەلالی مەلەک شاوە دەبینرێت ، ئەوەتا لەدەقی (بێ قەرار) ئەوپەڕی نامۆیی خۆیمان بۆئاشکرا دەکات ،کاتێک دەڵێت:

**من تاسەیەکی ئاوارەم ..... هەردەڕۆم و**
**ڕێکا لەناو تەم و مژدا ون دەکەم**
**هەرئەڕۆم و هەنگاوە فێگرتووەکانم**
**بەرە و نامۆیی دورم دەبا**
**من دڵداریی دەریایەکم ...... بەشەپۆڵەیاخی یەکانی**
**تینویەتی هەموو وەرزە نامۆییەکانم دەشکێنێ ( دیوان ، ل104)**

شاعیر لەم دەقەدا ، یاخی بونی خۆی لە کۆمەڵگا ڕادەگەیەنێت ، هەڵبەتە ئەمیش بۆخۆی نامۆییەکی ڕوونە ، نامۆیە بە داب و نەریتی کۆمەڵگا ، لەئەنجامی سەرنەکەوتنی عەشق و پەراوێزخستنی لەلایەن دولبەرەوە ، ئەو دەڵێت من عاشقێکی ڕێگا ونکەرم ، بەڵام نازانم بونی خۆم لەکام وەرزی ساڵدا بدۆزمەوە ، لەکام ڕێگاوە بتوانم وەرزی نامۆیی خۆم پڕبکەم لەوعیشقەی ،کە هۆکاری نامۆبونەکەیەتی ، هۆکاری هەڵچونە دەرونییەکەیەتی.

هەروەها لەدەقی (نامۆ ) دا ، شاعیر پێی وایە هەموو عالەم نامۆیە تەنها ئەو نەبێت ،! بەڵام ڕێک پێچەوانەکەی ڕاستە ، کاتێک دەڵێت:

**دەڵێم ئەم شارە جێبێلم سەفەربکەم .... بڕۆم و خۆم لەدونیا دەربەدەرکەم**
**بەهاواری دڵ و گریانی دیدەم .... لەدەردی خۆم هەمووعالەم خەبەرکەم**
**لەدەستی یاری دڵڕەق شەرتە ئیتر ....بڕۆم و تەرکی کچی ئومولبەشەرکەم**
**ڕەفیقانم گەڵێ پەیمان شکێنن ....بڵا ڕاکەم لەدیتنتان حەزەرکەم**
**ئەگەر بۆم ببێتە ئەم وڵاتە ....شەفقی پێدادەم و عەزمی سەقەرکەم**
**گوڵێ ناپشکوێ لەم شۆرەکاتە ....لەوەرزی وشک و قاقر چۆن سەمەرکەم**
**جەفاتەنگی وەها لێ هەڵچنیوم ....دەبێ هەربۆ وەفا شین و چەمەرکەم**
**هەموو نامۆن و من تاک و غەریبم .... نەماوە ئاشنا بۆ کوێ نەزەر کەم**
**(د.ل248)**

شاعیردەرونی هێندە بێ ئارامە ، هەمووشتێک نامۆ دەبینێت ! بەهۆی بێ ئومێد بونی لە کۆمەڵگا و پەراوێزخستنی لەلایەن دۆست و ئازیزانەوە ، بەهۆی ئەوەی گوڵێک نابینێت بۆنی بکات و بیکات بەهاوسەفەر و هاوڕازی ، لەدەستی یاری دڵڕەق ، ئیدی دەرونی پڕدەبێت لە تاسە، پێی وایە ئیتر ئەم وڵاتە شوێنی ئەوی تێدا نەماوە ، ئیتر ئەو نامۆیە و خەڵک گشت نامۆ!!! بۆیە لەم دەقەدا نامۆیی شوێن و نامۆیی کۆمەڵایەتی و نامۆیی خۆشەویستی ،وەک دیارترین جۆری نامۆیی دەبینرێت.

**6- توڕەیی :** ئەمیش یەکێکە لە ڕەهەندەکانی دەروون،کاریگەریی نەرێنی بەجێدەهێڵێت، حاڵەتێکی جەستەیی و دەروونی هەڵچووە ،! مرۆڤ لەڕووی جەستەیی و

دەروونییەوە پێی تێک دەچێت ، بارودۆخی دەشێوێت و شوێنەواری لەسەردەردەکەوێت ، هەڵچوون دەرناکەوێت تەنها لەوحاڵەتەدا نەبێت ، کەغەریزەیەک لەغەریزەکان ،لەکاتی چالاکیدا بێت ، وەک ترس و تۆقاندن و توڕەیی و دڵتەنگی و قێزکردنەوە و سەرسوڕمان و هەرەس ، هەموو مرۆڤێک توڕەدەبێت و هەڵدەچێت ، لەبەرئەوەی لایەنێکی سایکۆلۆژییە ، توشی هەموو مرۆڤێک دەبێت بێ جیاوازی ، تەنانەت ئاژەڵانیش لایەنی توڕەیی و هەڵچونیان هەیە ، توڕەبوون و هەڵچون ناوبەناو پێویستە بۆ مرۆڤ ، بۆخاڵی کردنەوەی کەف و کوڵی دەرون ، چونکەمرۆڤ دوایی توڕەبوون چەندساتێک هەست بە ئارامی دەکات ، کەواتا چەندهۆکارێک هەیە ،کە دەبنە هۆی توڕەیی و هەڵچوون 46، (صلَیوة ، 2013، ل115ئەم دیاردەیە لە شیعری زۆربەی شاعیرانی کوردا دەبینرێت ، جەلالی مەلەک شاش وەک هەر مرۆڤێکی ئەم کۆمەڵگایە ، توڕەبووە ، ئەمیش توشی هەڵچوونی دەرونی کردووە ، شاعیر لە دەقی (توورەیی ) دا ،دەڵێت :

**لێتان توڕەم---لەگەڵتانا یەکرەنگ ژیام**
**بەشادیتان شادئەبووم و.......لەماتەمتانا ئەگریام**
**بڵام کاتێ چوڵپەی گریان ....ئەوکی هەنسکی پێگرتم**
**ئێوە کردتان بەشایی و لۆغان**
**ئێستاش دڵەساکارەکەم نەگۆڕاوە**
**هەرچەند توڕەم ... (دیوان ، ل 67)**

شاعیر بارێکی دەرونی ناجێگیری بەدەقەکە بەخشیوە ، لەئەنجامی توڕەیی لە خەڵک و کۆمەڵگاکەی ، لەئەنجامی ئەوەی کە ئەوان هێندەی دڵی شاعیر (سادە و باش و بەئەمەک ) نەبوونە بەرامبەری ، ئەمەش بۆتە هۆی توڕەیی و رق ، بڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەیەوێت بڵێت من هێشتا وەک ئێوە بێ پەروانیم.

هەروەها لە دەقی ( توڕەیی ) دا ، بەدەرونێکی هەڵچوەوە دەڵێت:

**لەم جیهانە---پەلەوەریش نیشتیمانی خۆی هەیە**
**دارستانێ تاقە دارێ**
**ئاوارەش بێ .... نێو ئەشکەوتێ ،بن پاسارێ**
**چۆن شێت نەبم ، نەچم بەگژ کوێستانێکا و**
**چوار ڕێیانی گەردوون نەگرم**
**هێشتا بستێ خاک شک نابەم**
**تیابژیم تیابمرم ...چۆن شێت نەبم (دیوان ، ل202)**

شاعیر هێندە توڕەیە ، ناتوانێت کۆنترۆڵی دەرونی خۆی بکات ، ئەگەر چی لەڕێگای ڕەمزەوە کۆد دەنێرێت ، گلەیی هەیە و هاواری لێ هەستاوە، بەهۆی نەبونی نیشتیمانەوە، دەڵێت : تەنانەت باڵندەکانیش جێگاو نشتیمانی خۆیان هەیە ، بەڵام ئێمەی کورد نا ، ، دەروونی پڕە لەڕق و توڕەیی.

**بەهەر جادە و شەقامێکا ڕادەبوورم---تەپۆڵکەیەک**
**کڵاوێکی سەربازی لەسەرناوە**
**دڵ و گیرفان دەپشکنێ**
**بەڵگەی خوایشم لەگەڵدابێ .... ڕێگام دەگرێ**
**نەکا نەخشەی وڵاتێکم لەگیرفان بێ**
**توڕەم توڕە ..... وەک ئاگرم (دیوان ، ل 203)**

هەڵبەتە شاعیر ، ئەو هەڵچونەی بەدەقەکەوە دیارە ، لەئەنجامی زوڵم و زۆری داگیر کەری وڵاتە ، بەڵام توڕەییەکەی دابەشکردووە بەسەر ئەوان و هاونشتیمانیەکانی خۆیدا ، لەداگیرکەران نەفرەت دەکات ، لەگەڵیش گلەیی و توڕەیی ، ئەم جۆرەی توڕەیی دەروون

دەكات بە خۆڵەمێش ،چونكە ڕۆژانە هۆكاریی توڕەییەكە دووبارەدەبنەوە ، دڵ شەقار شەقار دەبن بەهۆی ئەو توڕەییەوە.

**7- خۆشەویستی :** خۆشەویستی یەكێكی ترە لەوبارە دەرونییانەی ، كە كاریگەرییەكی زۆر دەكاتە سەردەرونی شاعیر، بەتایبەتی ئەگەرخۆشەویستیەكی شكستخواردووبێت ، یان بەهۆی دووری یار و خۆشەویستان لەیەكترەوە، پاڵپەستۆیەكی زۆری دەروونی لە ناخی شاعیردا درووست دەبێت.

ئەوەتانی لە دەقی ( خۆشەویستیدا ) بەهۆی هەژاریی و یاری لەخۆباییەوە دەگات بەحاڵەتی رەشبینی كاتێک دەڵێت:

**سەد مەخابن من ئەویندارێی هەژار و تۆ لەخۆبایی**
**ئێستا سەرگەردان**
**وا دەپێوم كوێرە ڕێی سەختی ژیانی تووش**
**توێشە خاڵی ، دەس بەتاڵ و قاڵبێكی بێ دڵ و هەستم**
**ئیتر ئەم تاڵاوەی بادەش ، ئۆقرە نابەخشێت**
**من تەژی دەردم ) (دیوان ، ل21)**

لێرەدا شاعیر بارێكی دەروونی هێندە خراپ بەسەریدا زاڵە ، هەڵبەت بەهۆی نەگەیشتنی بە ئامانج و ئەنجامی خراپی ئەوینەكەی ، ئیدی ڕەشبینی بەسەریدا زاڵ دەبێت ، پێی وایە داهاتوو بۆ ئەو تروسكایەكی تێدا نەماوە ، تەنانەت دەڵێت ئیدی بادەش ناتوانێ سوكناییەک بەدڵدا بهێنێت.

شاعیر لەدەقی ( دڵتەنگیەكانی فەرهاد) دا ، بەدەرونێكی هێمنەوە ، حكایەتی دەرونی پڕ لە هەڵچونی ڕابردووی خۆی دەگێڕێتەوە ،لەگەڵ ئێستادا ئاوێتەی دەكات ، كاتێک دەڵێت:

**شیرین گیان--پێش ئەوەی بتناسم**
**تفەنگێكی یاخی بووم----گرژ و مۆن**
**لەلوتكەی خۆمەوە ..... تابەرپای عەشقی تۆ**
**كەوتمە تلاوتل**
**ئێستا لەقەراغ ئەستێرەی ئەوینتا**
**هەروەک شۆڕەبی خاكە ڕا لارەمل (دیوان ،ل58)**

شاعیر لەم دەقەدا لەگەڵ ئەوەی ، هەستی پڕ لە نائارامی ڕابردووی خۆی ڕادەگەیەنێت و دەیدا بەگوێی یاردا ، لەهەمان كاتدا ،جیاواز لەو هەڵچوونە دەرونیەی ،كەبەهۆی خۆشەویستیەوە توشە مرۆڤ دەبێت و خەفتباری دەكات، لێرەدا بەهۆی عەشقەكەوە ، دەست لەئەژنۆیە، وەک سەرشۆڕی داربی.

**خۆشەویستم--زۆرلەمێژە**
**تاسەی دوریت--وەک دڵۆپی فرمێسک لەناو**
**گلێنەی چاوم قەتیس ماوە-----هەوری ئازار**
**بەسەركێڵگەی تینووی دڵما**
**پرچی ڕەشی خەم و زووخاوی ئاڵاوە (دیوان ، ل182)**

شاعیر لەئەنجامی دووری لە یارەوە ، دەروونی توشی خەم و ئازار بووە ئۆقرەی لێبڕاوە ، فرمێسک لەچاوەكانی قەتیس ماوە ، ئەمیش ئەوپەڕی حاڵەتی خراپی دەروونە ، دەرونێک ،كە بۆتە كێڵگەیەكی تینوو، شەیدا بۆژیان .

## ئەنجام

1-ئەدەب پەیوەندییەكی بەتینی بەدەرونناسیەوە هەیە ، هێڵەكانی نێوان ئەم دوو چەمكە هێندە پەیوەستن بەیەكەوە ، لەئەنجامی تێڕوانینی فرۆید و پاشان لێكۆڵەرانی تری دەرونناسی ، بۆتەهۆی لەدایک بوونی ڕەخنەی دەروونی.

2-باری ناهەمواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری کورد، کاریگەرییەکی زۆریان کردۆتەسەردەروونی شاعیر، توشی هەڵچونی دەروونی کردووە .کەبەشێک لەشیعرەکانییەوە دیارە.

3-دەردی دواکەوتووی و دووبەرەکی یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی ،کەبوونەتە هۆی هەڵچوونی دەروونی لای شاعیر.

4-خۆشەویستی و نەگەیشتن بەچێژسۆزوباواش یار ، هۆکارێکی ترە بۆ ڕەنگدانەوەی دیاردەی دەرونی لەشیعرەکانی جەلالی مەلەک شادا .

5-شاعیر بەهۆی نەمانی متمانە و ناهۆشیاری میللەت ، توشی نامۆیی شوێن و خۆشەویستی و جوگرافی بووە.

6-بەشێوەیەکی گشتی شاعیر لەئەنجامی ئەو ڕووداوانەی پەیوەستن بە ژینگەی کۆمەڵایەتییەکەیەوە،کە تێیدا دەژێت ، چەندین ڕەهەندی دەرونی لەشیعرەکانی دەرکەوتوون لەوانە ((ڕەشبینی ، گەشبینی ، غوربەت ، ترس ، توڕەیی ،خەم ...هتد .

**Refrences**


1- Abdlla,sabah,froed,2007,penj wana la darwn shekary,ch1,awer. froed,,ch1,wazaraty parwarda

2-Ali azad,2007,darwnzany gshty,ch1,montady

3-Abdlla,peshraw:2013,darwnshekiry shear,

4-Abdlla,peshraw, darwnshekare shear, 2013, ch1,

5-Aswad,nawzad ahmed:2001,bery raxnay hawcharx,ch1,aras,hawler.

6-Barznjy,ali taher:2014,chand twezhenawaeaky raxnayy,ch1,hajy hashm.

7-Dzaey,abdlwahed musher, 2021,xwendnaway darwny daq, ch1,awer

8-Froed, 2005,tawtam tapo,ch1,ganj,slemany.

9-Farhangy lekseko:1999, oxford,.

10- Gardy,sardar, twery adaby, 2010, ch1,marden, hawler

11-Husen,hemdad:2006,darwazaeak bo raxny hawcherxy kurde,ch2,naz,hawler. Hazhary mukryany:1384,ch1,srwsht,iran.

12-Hamafarag,delan salam, 2016, nimay mister, slyminy,zmin

13-Mohamed,tinyaasad2013,,dyirdey xam,lasheary haseb qaradixy, h1,aras,

14- Mantk,hama,2018,raxnay adaby,ch1,tafsyr,hawler

15-Qarachatany,karem sharef:2003,srwshty mrovayaty larwangay jan jakroso,

16- Rawwf,luqman:2018,raxnay adaby,ch1, azas,

17-Saadwn,saman azadeen,2015,daqasheareakiny goran larwingay darwnnisyawa,ch1,xazalnws,slyminy

18-Sllewa,hawzhen,2013,rahandy darwny lasearakany latef hallmatda,ch1,rozhalat,hawler..

Govarakan

1, Abdlrahman,dana:2010, falsafay bongaraey, g.aenda.zg.21,22

2- Abdalla,abas salh2017:rahande darwny la dww daqy goran(jwane bee naw,hawry paez,raman,zh.236

3 -Garmyany,adel; 2003,darwnshekary w adaby darwny, g aenda,zg.43

4 -Kareem,farhad qzdr: 2020,rahanda darwneakany vaerose korona gm sheary kurdeda, tuezhar,zh.3,

5 -Raza, farwq mhamed:2017, rahande darwny gmshearakany jamal xambar, g, z.rapareen.zh.11

6- Salh w abdalla,salem rashed,ahmad mahmod:2016,rahandakiny sosolozhy shear samy abdal, g z.rapareen,.zh9

7 -Saeed, nawzad waqas: 2015, , rahande darwny gmshearakanybekasda, g.z. rapareen, zh.(vol12,no5)

**Sarchwae arabe**

1-Abdlmunam,rawea: 1998,alhs aljamaly waltarex alfan,t1,dar alnahza alarabea,baerwt.

2-Abdamsamer: 1980,maana tahlel nafse, dar maktabat haeat,baerwt.

3- Ahmed, salh Hassan:1999,aelm nafs am,t1,muasast al Hamada llxadamat al jameaea, alardan.

4- Euns,muhamed:2004, mabada aelm nafs, t1,ardan

5- Mosa,abdlla: 2007: ,alem aelm nafs, t3, matbaat almajd,qahera.

6- Jorj tariblse:1981, alhzean walahlam alfan,t2,daraltalabea,baerwt

7- Xafajy, muhamed:1975, asol naqd, t1, azhar, msr.

8- Zaeawr,ali:1978, tarex aelm nafs, dar alandals, lubnan.

9-Jalale malak sha,zrae znjery wsha delakan,1397,ch2,sna.iran